Norwegian Institute of Public Health

# ئەگەر پشکنینی پۆزەتیڤی IGRAت هەبێت

لە نەرویج هەندێک گروپ بە شێوەیەکی ڕۆتینی پشکنیان بۆ دەکرێت بۆ نەخۆشی سیل بە بەکارهێنانی پشکنینی خوێنی IGRA.

**مانای چیە کە پشکنینی پۆزەتیڤی IGRAت هەبێت؟**
پشکنینی پۆزەتیڤی IGRA واتە کە تۆ تووشی نەخۆشی سیل بوویتە. ئەمە واتای ئەوە نیە تۆ نەخۆشیت. وا مەزەندە دەکرێت کە نزیکەیی 3/1ی دانیشتوانی سەر زەوی IGRAی پۆزەتیڤیان هەیە بێ ئەوەی نەخۆشی سیلیان هەبێت، بەو واتایەی ئەوان ئەو شتەیان هەیە کەپێی دەوترێت تووش بوون بە نەخۆشی سیلی شاراوە.

**ئایا تووش بوون بە نەخۆشی سیلی شاراوە مەترسیدارە؟**
کەسێک تووشی نەخۆشی سیلی شاراوە بووبێت ئەوە مەترسی بەرزبوونەوەی گەشەکردنی نەخۆشی سیلی دەبێت لە ماوەی ژیانیدا. نزیکەیی 1 کەس لە نێوان 20 کەس تووشی ئەمە دەبن. چانست بۆ نەخۆش کەوتن ئەو کاتەی گەورەترین دەبێت دوای ئەوەی تووش بوو بیت، یان ئەگەر سیستەمی بەرگریت زۆر بەهێز نەبێت بەهۆی نەخۆشیەوە، (بۆ نموونە تووش بوون بە HIV) یان چارەسەرکردن ( بۆ نموونە بۆ شێرپەنجە). چارەسەری بەردەست هەیە بۆ نەخۆشی سیل و زۆرینەی ئەوانەی تووشی دەبن چاک دەبنەوە.

**ئایا دەکرێت کەسانی تر تووش بکەم؟**
ئەو کەسانەی نەخۆشی سیلی شاراوەیان هەیە هێشتا نەخۆش نین ناکرێت کەسانی تر تووش بکەن.

**ئایا پێویستیم بە چارەسەرکردن هەیە؟**
لەوانەیە لە هەندێک حاڵەتدا چارەسەری خۆپارێز پێویست بێت بۆ ڕێگری کردن لە گەشەسەندنی نەخۆشی سیل. ئەمە بۆ پزیشکەکەت جێدەهێڵرێت تا هەڵسەنگاندنی بۆ بکات. ئەم جۆرە چارەسەرە بە تایبەت بۆ چەند کەسانێک باشە، کە تازە تووش بوونە، یان منداڵ یان ئەو کەسانەی سیستەمی بەرگری لەشیان لاوازە.

**ئایا شتێک هەیە کە پێویستبێت بە تایبەت ئاگاداری بم؟**
بوونی دەسنیشانکردنی پۆزەتیڤی IGRA بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نیە تۆ پێویستیت بە گۆڕینی ستایڵی ژیانت بێت، بەڵام ئەگەر نەخۆش بکەویت ئەوە پێویستە پزیشکی خۆت ئاگادار بکەیتەوە کە تۆ IGRAی پۆزەتیڤ/نەخۆشی سیلی شاراوەت هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی چارەسەری دروست وەربگریت. ئەمە بە تایبەت لەو کاتە جێبەجێ دەبێت ئەگەر نیشانەکانی نەخۆشی سیلت لێ دەربکەون، کە ئەمانەن:

- کۆکەی درێژخایەن (زیاتر لە 3 هەفتە)
- تای درێژخایەن
- ئارەقەکردنی شەوانە
- کەم بوونی کێش

**ئایا دەتوانم لەکوێ زانیاری زیاتر دەستبخەم؟**
http://www.fhi.no/tema/tuberkulose/informasjon-til-pasienter